# دوو پرۆفیسۆری نەمساوی و بەلژیکی وەک شاهید ئامادەی دادگاییکردنی سەدام و داروودەستەکەی دەبن لەسەر تاوانی ئەنفال

**هێشتا پرۆسەی دادگاییکردنی سەدام و دارودەستەکەی لەسەر تاوانی ئەنفال دەستی پێنەکردبوو هەواڵی ئامادەبوونی پرۆفیسۆرێکی بەلژیکی لە دادگاییکردنی سەدامدا بڵاوبۆوە، لە یانزدەهەمین دانیشتنیشدا هەواڵی ئامادەیی بەشداریکردنی گیرهارد فرایلینگە بڵاوبۆوە، بۆ بەداواداچوونی چۆنییەتی ئامادەکردنی ئەم دوو پرۆفیسۆرە و ئامانج لە بەشداریکردنیان وەک شاهید و گرنگی بەشداریکردنیان لەسەر ڕەوتی دادگاکە هەریەک لە بەڕێزان مستەفا چوارتایی هەڵسوڕاوی چاک لە ئەڵمانیا و عەلی مەحموود سەرپەرشتیاری چاک بەم جۆرە بیروبۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئامادەکردنی ئەو کەسانە بۆ دادگاییەکە و چۆنییەتی پەیوندی کردن پێیانەوە هەریەک لە بەڕێزان مستەفا چوارتایی و عەلی مەحمود بەم جۆرە بۆمان دوان.**

مستەفا چوارتایی هەڵسوڕاوی
ناوەندی چاک لە ئەڵمانیا:

## بەڵگەکانی گیرهارد یەکلاکەرەوەن بۆ دادگایی سەدام و سەرانی



پرۆفیسۆر هاندرێکس

*** سەرەتا چۆن بوو پەیوەندیتان بە پرۆفیسۆر گیرهارد فرایلینگە کرد؟**

– ئێمە وەک هەڵسوڕاوانی ناوەندی Chak و ئەو کوردە دڵسۆزانەی دەرەوە و ناوەوەی وڵات ئەوەمان بەلاوە گرنگە بە شوێن تاوانبار و بەشدارو هاوکارانی کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی گەلەکەمانەوە بین، هاوکات بە دوای ئەو دڵسۆزانەشدا بگەڕێین کە لە بواری سیاسی و مرۆییدا خەمخۆر و و هاوکاری قوربانیانی ئەو شاڵاوە بەدناوانەن.

بەردەوام کار بۆ دۆزینەوەی بێسەرو شوێنەکانی ئەو قوربانیانە دەکەین ئیدی ئەگەر شەهید بووبن یان فرۆشرا بن بە وڵاتانی دیکە. لەو بوارەدا ئێمە لە هەموو دەرگایەکمان داوە و دەیدەین تا بتوانین سۆراخێک یان دیکۆمێنتێکمان دەسکەوێت. کاتێک ئەو کارەساتە بەسەر نەتەوەی ئێمە داهاتووە خۆشبەختانە چەند قوربانییەک گەیشتوونەتە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەر و چەند پسپۆڕ و دکتۆر و شارەزایەکیش ئەوانەیان دیوە. کە زانیاریمان دەسکەوت کە پرۆفیسۆرێکی نەمسایی بە ناوی گیرهارد هەیە و چەندین برینداری کیمیابارانی چارەسەر کردووە و شارەزایی لەو چەکانەدا هەیە بۆیە سەرەتا هەوڵماندا پەیوەندی پێوە بکەین کە ئایا ئامادەیە قسەمان بۆ بکات و ئەویش پرسیاری ڕێکخراوی CHAK ی کرد و کاتێک گوتمان بۆ ئە مەبەستە کار دەکەین ئامادەیی خۆی نیشاندا کە لەگەڵماندا بدوێت و لە وادەی دیاریکراودا بینیمان و ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەبوو کە هاوسۆزی خۆی بۆ دۆزی کورد دەربڕی و باسی ئەو ژمارە نەخۆشەی کرد کە لە ئاکامی چەکی کیمیاوییەوە بەرکەوتوون و ئەو چارەسەری کردوون و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون و ئامادەیی دەربڕی لە کاتێکی دیاریکراودا وەک شاهیدێک بێتە دادگا و شاهیدی لەسەر تاوانەکانی ڕژێم بدات.

*** گرنگی شایەتیدانی ئەو پرۆفیسۆرە لەسەر تاوانەکانی ئەنفال چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاستی دادگایی کردنەکە دەبێت؟**

– بە بڕوای من ئەگەر دادگاییەکە دادوەری تێدابێت ئەوا شاهیدی دانی ئەو لە شاهیدی دانی ئەوانەی لای خۆمان گرنگترە و بڕوا پێکراوترە چونکە کورد نییە و لە خۆڕا نەهاتووە شاهیدی بدات ئەو بەڵگەنامەی سەلمێنەری پێیە بۆ ئەو ڕووداوانە کە بێگومان بۆ ئاستی دادگاییکردنەکە گرنگ دەبێت چونکە ئەو پسپۆڕی چارەسەری ئەو بەرکەوتووانە بووە و لە ئێرانیش کیمیایی نێو گوللە تۆپێکی عێراقی دەرهێناوە و کاری لەسەر کردووە و تەواوی بەڵگەکانی لای پرۆفیسۆر گیرهارد دەیسەلمێنن کە عێراق چەکی کیمیایی دژی کورد بە کارهێناوە و ئەو ناوی بریندارەکان و جۆری برینەکان و جۆری چەکە

بەکارهاتووەکەی پێیە و ئەم پرۆفیسۆرە لەسەر ئاستی جیهانیش ناسراوە و ئامادەیی ئەم کەسانە بڕیاری یەکلاکەرەوەی دادگا زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

*** هیچ هەوڵێک دراوە تا کۆپییەکی ئەو بەڵگەنامە و وێنە و ناوی بریندارانە دەست بکەوێت یان لێی وەرگرن؟**

– مەسەلەکە یەک دوو ڕۆژە ساغ بۆتەوە، بێگومان هەوڵ دەدەین و داوای لێدەکەین ئەو شتانەی لەلایەتی کۆپییەکمان بداتێ، بەڵام ئەوە دەمێنێتەوە سەرخۆی ئایا دەیدات یان نا بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو بەڵگانە لە دادگاکە دەخاتەڕوو ئاشکرایان دەکات و ئامادەیی دەربڕیوە لەبەردەم میدیاکانی ئێرەدا تەواوی مەسەلەکان باس بکات.

ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٢٦ واتە ڕۆژی سێ شەممە ئەو یەکێک لەو بریندارانە دەبینێتەوە کە ١٨ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ چارسەری کردووە بۆ ئەوەی کار لەسەر ئەوە بکات تا چەند پاشماوەی ئەو چەکە لە جەستەی ئەو بریندارەدا ماوە و ئەمەش دەکاتە بەڵگەیەکی تر و ئەو بریندارە ئەو کات ٦ ساڵان بووە و ئێستا ٢٤ ساڵانە و لەمەڕ کاریگەرییەکانی ئەو چەکە لەسەر جەستەی ئەو بریندارە دەکاتە ڕاپۆرتێکی گرنگ.

**ئێمە بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگمان لا هەیە لەم ڕۆژانەدا دەیدەینە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کە لە دادگاییکردنی ڤان ئانراتدا بەکار هات**

*** لەبارەی ئامادەبوونی ئەو پرۆفیسۆرە نەمساییە و پرۆفیسۆرە بەلژیکییەوە هیچ داوایەکتان داوتە حکوومەتی کوردستان بۆ ئەوە کارئاسانی بۆ بکرێت، تا ئامادەیی دادگاییەکە بن؟**



مستەفا چوارتایی

– نوێنەری CHAK لەگەڵ بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکاندا قسەی کردووە بەڕێزیشیان پشتیوانی و هاوکاریکردنی وەزارەتەکەی بۆ ناوەندی CHAK و گشت پرۆژەیەکی وا دەربڕیوە کە خزمەت بە دۆزی ئەنفال و کیمیاباران بێت.

تا ئێستا بۆ کوردستان هیچمان نەکردووە، بەڵام ئاگاداری دادگایی تایبەتی دادگاییکردنی سەدام و داروودەستەکەیمان کردووە، لە بەغدا و ئەوانیش بەرەسمی داوایان لێکردووە کە ئامادە بێت و ئەویش چاوەڕانی ئەوەیە لە کاتێکی دیاریکراودا ئامادە بێت لە دادگاکەدا وەک شاهید و بەڕێزیان مەبەستی ئامادەبوونەکەی بۆ دادگا ڕوونکردەوە کە بۆ ئەوەیە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە ڕیسوا بکات و مەزلوومییەتی کورد نیشان بدات.

*** کەس و لایەن و ڕێکخراوی تر هەن لەوبارەیەوە ئامادەی دادگایکردن بن وەک شاهید ئەوەندەی ئێوە ئاگادار بن؟**

– ڕێکخراوی گەلانی هەڕەشەلێکراویش کە پێش چەند ساڵێک کۆمپانیایەکی ئەڵمانیان دایە دادگا کە هاوکاری سەدامیان کردبوو لە پرۆژەی چەکسازی کیمیاویدا ئەوانیش ئامادەن ئەو کارە بکەن ئەگەر وەک شاهید وەربگیرێن، هەروەها بەدوای ئەوانەوە بن کە هاوکاری ئەو جینۆسایدە بوون وە لە هەر کوێ بلوێت دەیاندەینە دادگا وەک ئەوەی فرانس ڤان ئانراتمان لە هۆڵەندە دایە دادگا و بە ١٥ ساڵ زیندانی سزا درا.

*** دوا پەیامتان؟**

– لە کۆتاییدا داوا دەکەم لە حکوومەتی کوردستان ولایەنە پەیوندیدار کە گرنگی زیاتر بەم دادگاییە بدەن، ئەمە دادگای سەردەمە بۆ چەسپاندنی ئەو تاوانانەی لە دژی گەلەکەمان کراون ئەمە سەندنەوەی مافی ١٨٢ هەزار ئەنفال و ٥٠٠٠ هەزار هەڵەبجەیی و هەشت هەزار بارزانی و هەزار فایلی بێسەرو شوێنە و سوتماکی کوردستانە، بۆیە دەبێت شاهیدەکان ورياتر و وەرگێڕەکان باشتربن و پارێزەرانی تاوانباران سوود لەو هەڵەی وەرگێڕانە وەردەگرن و ڕێگە نەدرێت کەسانی وەک ئەلعامری بە سەدام بڵێین تۆ لە ڕابردووشدا دیکتاتۆر نەبوویت.



هاندریکس و نوێنەرانی chak

عەلی مەحموود

سەرپەرشیاری گشتی ناوەندی CHAK:

# بەشداری ئەم دوو پرۆفیسۆرە ئاراستەی دادگاکە لە ناوچەییەوە دەکاتە مەسەلەیەکی جیهانی

*** ئەو دکتۆرە بەلژیکییە چۆن دۆزیتانەوە و پەیوەندیتان پێوە کرد؟**

– لە رێگەی برادەرانی خۆمانەوە ئاگادار کراینەوە کە پرۆفیسۆرێک لە بەلژیکا دەژیت و لە رێگەی برادەرانی رۆژ تی ڤی، کاک دەروون و کاک گۆڤار دا پاش مانگێک چاوەڕوانی دۆزیمانەوە، چونکە ناوبراو پشووی هاوینی هەبوو چاوەڕێ بووین تا گەڕایەوە و نامەیەکی دادگامان پێبوو کە ئەگەر ئامادەبێت شایەتی بدات، ئەو پرۆفیسۆرە ٣ رۆژ پاش کارەساتی هەڵەبجە واتە ١٩٨٨/٣/١٩ چووەتە هەڵەبجە و لەوێ هەندێک قژ و پارچە جلی ژنێکی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە ئەمە وێڕای ئەوەی نموونەی گوللە تۆپەکان و خۆڵی هەڵەبجەیی هێناوە و ١٨ ساڵە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات و گەیشتووەتە ئەوەی کۆمەڵێک دیکۆمێنت و لێکۆڵینەوەی زانستی کۆ بکاتەوە و لەسەر ئەو چەکە و بە بەڵگەوە دەیسەلمێنێ کە ئەو چەکەی لە هەڵەبجە بەکار هاتووە چەکی کیمیایی عێراقە و ئاکام و پاشماوە ترسناکەکانی دیاری کردووە.

*** گرنگی بەشداری هەردوو پرۆفیسۆر لە دادگاییکردنی سەدامدا وەک شایەد لە چیدایە؟**

– کۆمەڵێک گرنگی هەیە لەوانەش:

١– ڕاستە ئەم دادگایە بوعدێکی نەتەوەیی هەیە لە چوارچێوەی عێراقدا و ئەگەر ئەم شاهیدانە بێنە دادگاوە و پارێزەری نێونەتەوەیی بەشداری بکەن ئەوا لەو قاڵبە دەردەچێت کە لە چوارچێوەی عێراقدا قەتیس بێت بەڵکو بەرەو ئەوە دەڕوات لەسەر ئاستی جیهان مەسەلەکە بناسرێت.

٢– ئەم دوو شاهید حاڵە دەتوانن یەکلاکەرەوە بن بۆ دادگاییەکە کە ڕژێمی عێراق لە پاڵ ئەنفالدا چەکی کیمیایشی بەکارهێناوە دژی خەڵکی کوردستان.

ئەگەر دادگای عێراقی توانای هەبێت و بخوازێت کەسی تریش هەن بەتایبەتی ئەوانەی لە پرۆسەی دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانرات دا بەشداربوون وەکو (تاناکا، فێنک لە سویسرا) و ئەمانەش دەتوانن ئەو بوعدە ناوچەییە بگۆڕن بۆ بوعدێکی جیهانی.

*** بۆ ئەم کارە و ئامادەسازی بۆ بەشداربوونی ئەوانە وەک شاهید لە دادگاکەدا ئەرکی حکوومەتی کوردستان بەگشتی و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان چییە و هیچ داوایەکتان کردووە لەو بارەیەوە؟**

– ئێمە نوێنەرمان لە کوردستان هەیە موتابەعە دەکەن و ئێمەش ئامادەین لەو بوارەدا هەموو هاوکارییەکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بکەین، ئێمە جگە لەوەش ئەندامی رێکخراوی جیهانی جینۆسایدین و داوامان کردووە لەو رێکخراوە کە ئەزموونی خۆیان لە ڕوەندا و دارفۆر و بۆسنا و چەند وڵاتی تر و داوامان لێیان کردووە کە چۆن دەتوانن لەم مەسەلەیەدا هاوکاریمان بکەن لەمەسەلەی دادگاییکردنی سەرانی بەعس لەسەر ئەنفال و چۆن وچی دەتوانن بکەن و لە قسەو باسداین لەگەڵیاندا و پێمان خۆشە لەگەڵ وەزارەتی ناوبراودا تەنسیق بکەین بۆ ئەوەی بزانین چی دەیکەن لەو دادگاییەدا و کەموکوڕییەکان چارەسەر بکەین.




*** بۆ ئەمە چ پێشنارێکتان هەیە؟**

– پێشنیار دەکەم ژوورێکی عەمەلیات لە وەزارەت دابمەزرێ سەبارەت بەو دادگاییە و تەواوی ئەو رێکخراو و کەسە چالاکانەی بواری داکۆکی کردن لە بواری جینۆساید و نوێنەری قوربانییەکان و ئەو ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسانەی چالاکانە لەو بوارەدا کار دەکەن لەو ژووری عەمەلیاتەدا چاودێری ئاراستەی دادگاکە بکەن و کەموکوڕییەکانی دەستنیشان بکەن.

هەروەها حەز دەکەم چەندین کەسی چالاکی وەک شۆڕش حاجی هەن کە شارەزایی زۆر باشیان لەبارەی دۆسیەکانەوە هەیە کە بەداخەوە تا ئێستا پرس و ڕایان پێ نەکراوە، ئەوانیش قسەیان لەگەڵ بکرێت چونکە سوودمەند دەبن بۆ ئەو دادگاییە چونکە لە ئامادەکردنی ئەو بەڵگەنامانە لە ئەمەریکا کە بۆ دادگا نێردراون ڕۆڵی کاریگەری هەبووە و کاری تێدا کردووە.



**پاشماوەی مادەی کیمیاوی بە جلوبەرگی ژنێکی هەڵەبجەیی**

دووبارەی دەکەمەوە بە دروستکردنی ژوورێکی عەمەلیات بەسەرپەرشتی وەزارەت ئەگەرچی دەرەنگیشە بەڵام دەتوانین ئەم دۆسیەیە زیاتر بەرەو پێشەوە بەرین.

ئێمە بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگمان لا هەیە لەم ڕۆژانەدا دەیدەینە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کە بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگە لە دادگاییکردنی ڤان ئانراتدا بەکار هات وەک بەڵگەیەکی گرنگ بەکار هات و ئەو بەڵگەیەش دەدەینە وەزارەت کە بۆ دادگاکە زۆر گرنگە.

**ڕاپۆرت: نامق هەورامی**